# شیعری سوێدی



# گونەر ئێکێلۆف

1968 -1907

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە : رزگار شێخانی
rizgar_shekani@yahoo.se

## مەبزوێ

مەبزوێ، بێدەنگ و چاوەڕوانبە
تەواو خۆت لاڵ و بێجولە بکە
ئەمە مەرجە بۆ ئەم کاتژمێرە بەچرکەیە
بۆ ئەم چرا کارەباییە مردووەی کە هیچ ناڵێ،
ئەوەنەبێ کە شەوە.
بۆ ئەو دلۆپەیەی کە لەشوێنێکی
ئەم ژوورە چۆڵەدا دەکەوێ.
زۆر دوورە، گەلێک دوورە
ئاوا دانیشەو چاوەڕوانی کەسێک بکە
کەسێکی هەبوو، یان نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا کەسێک
لەم جیهانە وێرانبووەدا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# تەنیا، تەنیا

تەنیا، تەنیا، تۆ بەخۆت دەڵێیت تەنیا،
بەڵام میری ئێمگیون دەڵێ :
سەرەتا شەهرەزادو حیکایەتەکانیم
خۆشویست
پاشان خوشکی بچوکی دینارسەعد
پاشان خولامە کچەکەی ئەو
پاشان نوبییەکی دۆستی خولامەکە
پاشان بۆیاغچیی پێڵاوی دۆستی ئەو
کەلەویش لەسەر ئەژنۆ کەوتبووم و
رەشایی پێڵاوی سەر پەنجەی ئەوم دەلێسییەوە
تۆزەکەیم خۆشویست و
هێندە قووڵیش هەڵم مژییە نێو سییەکانمەوە
هەموو شتێك لەبەر چاومدا رەش بوو.

میری ئێمگیون : دەڵێن میرێکی کورد، یان ئەکریتی بووە. خەڵکی ناوچەی وان بوو. لە سەردەمی بێزەنتینییەکان چەند ساڵێک لە قوستەنتینییە بەند دەبێ، دوای ئەوەی هەردوو چاوی کوێر دەکەن، ئازادی دەکەن.

نوبیی : نەتەوەیەکی ئەفریقایی بوون، لە نێوانی میسر و سودان دەژیان. لە ساڵانی پێنج سەد لەسەر رووباری "نیل" میرنشینییان هەبووە. زۆر لە نوبییەکان کران بە کۆیلە و هێندران بۆ میسر، بۆ پاسەوانیی هەرەماکان.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com